# ڕەهەندی ئەفسانەیی
# لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) دا

**دلاوەر عومەر حەمەد**
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
dlawar.hamad@su.edu.krd

**پ. د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا**
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین
idrees.kurdesh@su.edu.krd

**پوختە**

توێژینەوەی "ئەفسانە لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی " هەنگاوێکە بەرەو ناساندنی دونیای "حاجی قادر" و کاریگەریی فۆلکلۆر لەسەر شیعرەکانی،بە تایبەت " ئەفسانە" شاعیر هەوڵیداوە ئەو کەرەستە ئامادەیەی فۆلکلۆر بترنجێنێتە نێو شیعرەکانی،بۆ ئەوەی هەم خەڵکە گشتییەکە تێی بگەن،هەمیش کورتبڕی بکات بەدەربڕینێکی کەم زۆرترین مەبەست و واتا دەرببڕێت.

مەزراندنی فۆلکلۆر بە تایبەتیش ئەفسانە گرنگە،بۆ مێژوو و بۆ پاراستنی ئەو سامانە فۆلکلۆرییە لە ڕێگەی شیعرەوە.

ئەم باسە و باسی دیکەیش پەیوەست بە ئەفسانە خراوەتە ڕوو و لە شوێن و جێگای خۆی ڕوونکراوەتەوە،باس لەو مەبەستانەیش کراوە کە " حاجی قادر " بەهۆیەوە ئەفسانەکانی بەکارهێناوە،شاعیر هەوڵیداوە،ئەفسانە کوردییەکان زیاتر بە نەوەی دوای خۆی بناسێنێت، کورد سوود لە ئەفسانە جیهانییەکانیش ببینێت و ئەدەبی خۆی پێ دەوڵەمەندتر بکات.

وشە سەرەکییەکان: حاجی قادری کۆیی، ئەفسانە، خێروشەڕ، عەنقا.

## پێشەکی

ئەم بابەتە بە ناونیشانی (ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا)، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ زیاتر باسکردن و خستنەڕووی کاریگەریی بەشەکانی فۆلکلۆر، بە تایبەت ئەفسانە، کار لەسەر ئەوەش کراوە لایەنێکی دیکەی کاریگەرێتی فۆلکلۆر" ئەفسانە" بەسەر ژیان و ئەدەبیاتمان ڕوونبکاتەوە.

ئەدەبی فۆلکلۆریمان دەوڵەمەندە و بناغە بووە بۆ ئەدەبی میللی و کلاسیکیشمان، تا لە ڕوانگەیەوە بۆ ئەو کەلەپوورە گەورەیەمان بڕوانین نەک بە پێچەوانەوە،وا بزانین فۆلکلۆر"ئەفسانە" کاریگەریی بەسەرچووە.

گرنگی نەدان بە "ئەفسانە" یەکێکە لە هۆیەکانی دواکەوتنی ئەدەبەکەمان لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی گەلان،بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرکردنەوەی دروست لەوەدایە کە کاری پێشینان بەهەموو باش و خراپییەکی، بەهەموو بەهێزی و لاوازییەکی، بە هەموو جوانی و کرێتییەکی،بناغەیەکی بەهێز و تۆکمە و گرنگە بۆ کاری ئەدەبیمان، بۆیە هەمیشە، کۆن دەبێ هەوێن و سەرچاوەی لێهەڵێنجانی داهێنانی نوێ و گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمدا،ئەگینا کاری بێ بناغە تەمەن کورت دەبێ و سەرەنجام بەرهەمێکی بێ کاریگەری دەبێت.

ناونیشانی توێژینەوەکە (ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی دا) . هۆی هەڵبژاردنی باسی توێژینەوەکە؛ دەرخستن و گرنگی ئەو ئەفسانە و ڕەمزە ئەفسانەییانەی"حاجی قادر " بەکاری هێناون و بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستە شیعرییەکانی و گرنگی ئەفسانە لە شیعری کلاسیکدا.

### گرنگی توێژینەوەکە.

١- لە بەشە پراکتیکییەکەدا سوود لە زۆرترین سەرچاوە وەرگیراوە و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەفسانە و ڕەمزە ئەفسانەییەکان و دەرخستنی لایەنی شاراوەیان.

٢- هاوتا لەگەڵ گرنگی ئەفسانە لە بەشە تیۆرییەکەدا چاو بەئەفسانە جیهانییەکانیشدا گێڕدراوە، هەوڵیش دراوە سەربەخۆیی ئەفسانەی کوردی ڕوون بکرێتەوە.

٣- مەبەست لە مەزراندنی ئەو ئەفسانانەی "حاجی" بەکاری هێناون و ناوەڕۆکەکەشیان ڕوونکراوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە.**

لە کارکردن لەسەر" ئەفسانە لە شیعری حاجی قادری کۆیی" ڕێبازی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە (وەسفی شیکارییە).

**پێکهاتەی توێژینەوەکە.**

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بەزمانانی (کوردی و ئینگلیزی) پێکدێت، بەشەکانیش؛

بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم؛ پێکهاتووە لە پێناسەی ئەفسانە و ڕاکان لەسەر ئەو ژانرە ئەدەبییە.

تەوەری دووەمیش باس لە ئەفسانەکانی ( یۆنانی و فارسی و سۆمەری و کوردی ) کراوە و بیر و ڕاکان لەبارەی ئەفسانەی ئەم نەتەوانە ڕوونکراوەتەوە.

بەشی دووەم؛ بەشی پڕاکتیکی توێژینەوەکەیە و ئەو ئەفسانانەی" حاجی قادری کۆیی" بەکاری هێناون و پێناسە و مەبەستەکانیان ڕوونکراونەتەوە.

ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی کلاسیک و هاوچەرخی کوردی بکەین، ڕەمزە ئەفسانەییە فارسییەکانیان مەزراندووەتە نێو شیعرەکانیان، ئەو ئەفسانانەی لە (شاهنامە)دا هاتوون، وەکو "ڕۆستەمی زاڵ و زەحاک" بەڵام (ئەوەی پێشتر لە بەشی ئێراندا بەشێوە جیاکانی پەهلەوی نووسراون ، میراتی هەردوولا " کورد و فارس"ن ) هەمان سەرچاوە.

ئەم کاریگەرییە لە سەردەمی شاعیرانی کلاسیکیش، بۆیە ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە، واتا لەو ڕۆژەوەی کە ئەدەبی نووسراومان هەیە پێوەندییێکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بووە، تا دەگاتە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەم پێوەندییە بێ گومان بۆتە هۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوامیش بووە) (عارف،١٩٧٤، ٧٢)

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: پێناسەی ئەفسانە

**ئەفسانە:**

بریتییە لەو بیروباوەڕ و خەیاڵە کەڵەکەبووەی بەشێوەی تۆمارێکی هەستی، چ بەئاگایی بێت یاخود بێ ئاگایی، بەشێوەی داهێنانێکی ئەدەبی دێتە کایەوە، کە لەخزمەتی مرۆڤایەتییەوە بەردەوامیش شایانی لێ وردبوونەوە و هەڵوەستە لەسەرکردنە،((ئەفسانە کورتترین و گرنگترین ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤە)) (حەسەن،٢٠٢١ )

لەمەدا خەیاڵ دایکی ئەفسانەیە و دایکی داهێنانیشە، کاتێك شاعیر کە ئەفسانە دەکاتە شیعر بەشێوەیەکی زۆر جوان دایدەڕێژێت.

یەکێك لە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەفسانە لێکدانەوە و بیرو وردیی ئەو کاتەی مرۆڤەکان بووە بۆ ئەو دیاردە سروشتییانەی لە دەوروبەری ڕوویانداوە، بۆیە دەگەینە ئەو ڕایەی هۆکارەکانی دروستبوونی ئەفسانە دەگەڕێتەوە بۆ ((ترس و نەزانین و پێویستی، هەرسێکیان پێکەوە هۆیەك بوون بۆ بیرکردنەوە و بەکارهێنانی هزر و گەڕان بە جەستە و فیکر، ئەمەش بۆ خۆی سەرەتای هزر و زانستێك بوو، کە دەتوانین ناوی بنێین زانستی ئەفسانەیی)) (حەسەن،١٧٦،٢٠٢١).

ئەفسانە هەمیشە لە خۆ نوێکردنەوەدایە، و لەگەڵ ڕۆژگار دەگونجێت، ئەگەر ئەم کەرەستانە  پێشتر ئەفسانە و خەیاڵ بووبن، ئێستا ئەم خەیاڵانە بوونەتە ڕاستی و کەتوار (واقیع) و بە چاوی سەر دەیانبینین بۆ نموونە: (جامی جەمشید هەبوو ئێستا (مۆبایل و ئینتەرنێت)ە، ئەگەر پێشتر (سیمرغ) بووبێت، ئێستا بووەتە (فڕۆکە).

دوای ئەمە (بیترمۆتر) دەڵێت ((ئەفسانە یان وێنەی مەجازی MYTH یان Mythos جۆرە چیرۆکێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە،بەئاسانی تێکەڵی ئەو چیرۆکانە دەبێ،کە سیمایەکی خورافی یان سیحرییان هەیە،ئەم زاراوەیە لە بنەچەدا ئەغریقییە، بە واتای ئەو وشانەی دەگوترێن و دوای زاراوەکە بەو لێکدرایەوە کە حیکایەتی خواوەندی بێ)) (جوتیار،٢٠٠٦، ١٧٠)

بەهۆی بەرزی ئەفسانە و تێڕوانینی خەڵك بۆ ئەم بەشەی فۆلکلۆر، بەهونەرێکی بەرز سەیری کراوە،بۆیە بە چیرۆك و حیکایەتی خوداوەندەکان سەیری کراوە،جۆزێف کامل دەڵێت ((ئەفسانە بەواتای چیرۆکی خواکان دێـت)) (موریز،٢٠٠٨، ٦١)

بەهۆی ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ و خواوەند لەلایەك و سروشت و دەوروبەر لەلایەکی دیکە، دەکرێت بڵێین ئەفسانە ئەو ئەڵقە پەیوەندییەیە کە مرۆڤ وابەستە دەکات بەخوداوەند و سروشت، ئەفسانە بەرهەمێکی کۆنە و هی بەر لەمێژووە ((ئەفسانە بەرهەمێکی خۆڕایی نییە، بەڵکو گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەر لە نووسینەوەی مێژووە، یا باشتر وایە بڵێین بەرلەوەی مرۆڤ فێری نووسین بێت، بەواتایەکی وردتر، نیشانەی بیرکردنەوەی مرۆڤە، بەهۆی مێشکەوە، ئەو ڕووداوانە دەم بەدەم، پشت بەپشت بۆ ئێمە ماوەتەوە، سەرەڕای ئەوە دەقێکی ئەدەبی پڕتام و بەلەزەت و سەرنج ڕاکێشە و بەوپەڕی هونەرییەوە ڕازاوەتەوە، بۆیە تائێستا چێژی تایبەتی و گوێگری خۆی هەیە)) (عەدۆ، ١٩٨٧، ١٠١)

دەتوانین بگەینە ئەو رایەی ((ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە لەسەردەمێکی زۆر کۆندا ڕوویانداوە، ئەو دیاردە کەونییە لە توانابەدەرانە شی دەکاتەوە و هۆی پەیدابوونیان روون دەکاتەوە)) (ابراهیم، ١٩٧٩، ٦)

دەگەینە ئەو ڕایەی، کە ئەفسانە هێزی بیرکردنەوەی زووی مرۆڤەکان بووە بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر، کە هەستی پێشگۆییەی مرۆڤ لە ئاست ئەو پێشکەوتن و تەکنۆلۆجیایەی ئێستا هەیە.

## تەوەری دووەم: جۆرەکانی ئەفسانە

### ١. ئەفسانەی یۆنانی

ئاشکرایە ئەفسانەی یۆنانی یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی ئەفسانەی جیهانی، بۆیە بەم جۆرەیە پێناسە دەکرێت: ((کۆمەڵە ئەفسانەیەکە بریتین لە کۆمەڵێك چیرۆك و ئەفسانە، لە یۆنان گەشە و نەش و نمایان کردووە، و بریتین لەگێڕانەوەی سەرگوزشتەی ژیان و چیرۆکی خوداوەند، سەرەڕای ئەوەش چیرۆکی خوداوەند و پاڵەوانان، کە بەشێکی سەرەکین لە ئایینی یۆنانی کۆن)). (ئینتەرنێت،ar.inianelsonbooks.com،٢٠٢٢) کە گرینگییەکەی لەوەدایە بەپێی کات و سات و ڕۆژگاری سەردەم لە بەرەو پێشچووندایە بۆ تۆمارکردنی بەسەرهاتی ژین و چیرۆکی خواوەندەکانیان، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مانا و مەبەستەکەی بەم شێوەیە لە توێژینەوە و فەرهەنگەکاندا خراوەتە ڕوو کە ((لە فەرهەنگ و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە (اسطورە)) ماناکانیان بە(چیرۆکی خوداوەندەکان) لێکدراوەتەوە ئەو ڕۆژگارەی کە مرۆڤەکان خوداوەندەکانیان لەنێوان خۆیاندا دەبینی سەرزەمینیان بەجێگە و بارگەی ئەوان دەزانی و (اسطورە)یان وەك بەسەرهات و مێژوو ((مێژووی پیرۆز))ی خوداوەندەکان دەگێڕایەوە و دەبنیێت)) (حەسەن،٢٠٢١، ٣٢)

سەرەڕای ئەوەش، ئەفسانەی یۆنانی هۆکاری بڵاوبوونەوەی لە ماوەی نەریت و زارەکیدا بوو، لەمەشدا شاعیرەکان لە تۆمارکردنی چیرۆکەکان خزمەتێکی بەرچاویان کرد)).

### بەشێك لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن

ناواخنی ئەو ئوستوورانە کە لەلایەن یۆنانییە کۆنەکانەوە گێڕدراونەتەوە، ئەو چیرۆکانە گرنگی بە بنەچە و سروشتی گەردوون دەدەن، ژیان و کارەکانی

خوداوەند، پاڵەوانەکان بوونەوە ئەفسانەیی و بنچینە و تایبەتمەندییەکانی کانت و ڕێوڕەسمە ئاینییە کۆنەکان دەدەن خوداوەندەکانیش بریتین لە (ئەپۆلۆ، لیتۆ، ڕیا (مانگ)، ئەدۆنیس، زیووس، ئیرۆس، پلووتۆ)) (هەمان سەرچاوە).

((زیوس) لە ئایینی یۆنانیی کۆندا بەباوکی خوداکان دەناسرێت، زیوس لە کێوی ئۆڵەمپ دەژیا)) هەروەها شاکارەکانی (ئیلیادە Iliade، ئۆدیسە Odysse)

((ئیبۆس ئیلیادە لە گەورەترین شاکاری ئەدەبی هونەری گێتی دەژمێردرێ، وە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی بەرزی گریکی کۆنە لە سەدەی نۆیەمی پێش مەسیح لەساڵی (٨٥٠) لەلایەن (هۆمیرۆس دانراوە و کۆکراوەتەوە و ڕێك خراوە)) (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥٩)

((هۆمیرۆس ئیسپۆنیکی تریشی داناوە بەناوی (ئۆدیسە)، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش مەسیح ڕێکی خستووە، لە ٢٤ سروود پێکهاتووە)) (هەمان سەرچاوە)

بەناوبانگترین ئەفسانەی ئەفریقی کە بە (ئیرۆس و ئەفرۆدێت) دەناسرێ، لەپاش مەهابەهاترای هیندۆسییەکان کە بە شیعر داڕێژراوە بە دووەمین ئەفسانەی دنیا دێت)) (مەخموری،٢٠١٣، ١٧)

ڕەوتی شارستانی و ئەفسانەی یۆنانی لە (سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی حەوتەمی پێش زایین درێژەی کێشاوە، لەم چەرخەدا سەربوردەی پاڵەوان و قارەمانانی جەنگ و نەبەزان و کۆڵ نەدەران کراوە بە بەیاز و بەشیعر هۆنراوەتەوە، هەروەها ڕاز و نیاز و کارو کردەی خواکانیش تۆمارکراوە)) (هەورامی،٢٠٠١، ٨١)

**٢. ئەفسانەی سۆمەری**

سۆمەرییەکان کە خەڵکی ئەم وڵاتەن، بەداهێنەری نووسین دادەنرێن لەنێو گەلانی جیهاندا، ئەو نەتەوەیەی خاوەنی کۆنترین شارستانیەت، نەك هەر

لەنێوان دووئاوان و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، بەڵکە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، ئەو نەتەوەیە (سۆمەرییەکانن)) (حەسەن،٢٠٢١ ،٧٠)

سەرەڕای ئەوەی لەسەر بنچینە و نەژادیان نازانرێت، بەڵام ئەوە هەیە کە بەگوێرەی بیروڕاکان لە چیاکانی کوردستانەوە کۆچیان بەرەو خوارووی عێراقی کۆن کردووە)) (ئەڵوەنی،٢٠١٦: ٧)

دوای ئەمە لەوێ گیرساونەتەوە و شارستانییەتیان بنیات ناوە، لەوێ داهێنانی هەندێ کەرەستەیان کردووە، جگە لەمەش خاوەن داستانی گلگامێشن. هەر سەبارەت بەنەژاد و ڕەگەزی (سۆمەرییەکان) ئەگەر کوردن بەڵگەکان چین؟ ((ئەگەر سۆمەرییەکان بەکورد حسێب بکەین ئەوا کوردیش ئەفسانەی هەیە و لەڕیزی هەرە پێشەوەی میللەتانی دیکەن کە ئەفسانە دەناسن و هەیانە)) (مەخموری،٢٠١٣، ٧)

دیسان نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەفسانەکانیشیان کوردین ((ئەفسانەی کوردی گلگامیش)) کە هەندێ جاریش کە بەئەفسانەی بابلیشی دەناسێنن و پێمانی دەفرۆشنەوە)) (مەخموری،٢٠١٣، ٧)

ئەگەر ئەفسانەی سۆمەری ئەفسانەی کوردیش نەبێت، بەشی کوردی پێوەیە، گرنگترین ئەفسانەی سۆمەرییەکان.

### ٣. ئەفسانەی لافاو

((ئەمانە بەهەموو جۆرێکەوە لەدەقەکانیان

یەکەم: لافاو وەك واقیع ڕووداوێکە ڕووی داوە و خەیاڵ و ئەفسانە نییە.

دووەم: لافاوێکی زۆر گەورە و گران روویداوە و هەموو جیهانی گرتووەتەوە)) (حەسەن، ٢٠٢١، ٩٦)

داستانی گلگامێش ((چیرۆکی تۆفانی سۆمەری بەشێکە لە داستانی گەلگامێش و باسی پاڵەوانیەتی و ئازایەتی و سەرەڕۆیی گەلگامێشی پاشای

شاری ئوروك دەکات ((ناوی ئەم پاشایە لە لیستی ناوی یاساکانی سۆمەردا هاتووە کەبە بنەماڵەی وەرکا ناسراوە و ئەم بنەماڵەیە دووەم بنەماڵەی فەرمانڕەوای دوای تۆفانە)) (ئەڵوەنی، ٢٠١٦، ٣٥)

گلگامێش داستانەکە باس لە پاشایەکی شاری ئورکی دەکات بەناوی گلگامش، دایکی خوداوەندێکی نەمر بوو، باوکی پیاوێکی ئاسایی بوو ئەمەش وایکرد ((گالگامش بەشێکی جەستەی کەسێکی ئاسایی بێت و بەشێکی تری خوداوەند، لە سەرەتای چیرۆکەکە گلگامیش پاشایەکی زۆردارە و گەلەکەی خۆشیان ناوێت، خەڵکی شاری ئوروك داوایان لە خوداوەند کرد کە گلگامش لەناو بەرێت، خوداوەند ئۆرۆرۆ داواکەی قبووڵ کردن و کەسێکی سەرەتای دروستکرد بەناوی ئەنکیرۆ تا ڕووبەڕووی گلگامش ببێتەوە لە ئەنجامدا گلگامش بەمەی زانی و هەوڵیدا ئەنکیدۆ فێری ژیان بکات)) (ئینتەرنێت،سایتی گوڵان:٢٠٢٠) ((لە دواییدا گلگامێش و ئەنکیدۆ دەبنە هاوڕێی یەکتر، دوای مردنی ئەنکیدۆی هاوڕێی، گلگامێش بڕیار دەدات گیای نەمری پەیدا بکات بۆ ئەوەی نەمری بەدەست بهێنێت و مردن دووربخاتەوە، کە گیا و دەرمانەکە بەدەست دەهێنێت، کە لەلای کەسێکە بەناوی ((ئۆتنا پیشتیم))، دواتر دەرمانەکە لەسەر لێواری بیر دادەنێت، کە لە بیرەکە دێتە دەرەوە دەبینێت گیاکە نەماوە و مارێك بردوویەتی، لەوێوە تێدەگا ناتوانێ ڕێگە لەمردنی فیزیکی بگرێت، بەڵکو دەتوانێت بەکارەکانی دوای مردنیشی بەزیندوویی بمێنێتەوە)) (ئینتەرنێت، حەمید)

**٣. ئەفسانەی فارسی**

هاتنی ئاری و هیندۆ ئەوروپییەکان بۆ ئێران

بەهۆی نزیکی لە کورد و تێکەڵبوونی مێژووی نەتەوەی ئاری و هیندۆئەورووپی، تێکەڵبوونێك هەم لە کلتوور هەمیش لە بەشەکانی ئەدەب

بەتایبەت ئەفسانە دروست بووە، ((ئەفسانەی راستەقینەی فارسەکان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی دەست پێدەکات، چۆن ئەفسانەی کوردیش لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ماد دەست پێدەکات...)) (حەسەن، ٢٠١٦ :١٤٥)

وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە فارسیش، کاریگەریی نەتەوە و زمان و ئەدەبی دیکەوە بوو، لە ئەنجامی ئەو نزیکییەش وایکرد ئەفسانەش وەك هەر بەشێکی دیکەی ئەدەب دروست ببێت، دروستبوونی مێژووی ئەفسانەی فارسیش ((بەلای منەوە ئەو مێژووە لە دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشیەوە دەست پێدەکات و بەنووسینی دەقی نووسراوی ئەفسانەی فارسیش بەزمانی فارسی ئەوا لەگەڵ نووسینی (شاهنامە) لەسەر دەستی (فیردەوسی) سەرهەڵدەدا. دیاریکردنی ئەو مێژووی سەرهەڵدان و نووسینە. بەو مانایە نییە کە فارس پێشتر ئەفسانەیان نەبووە، بەڵکە ڕیشەی ئەفسانەی خۆیان لەنێو ئەو مێژووە ئەفسانەییەدا بدۆزنەوە کە لە هیندۆ ئێران و کۆچی ئارییەکانەوە دەست پێدەکات)) (حەسەن، ٢٠١٦ ،١٤٨-١٤٩)

ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرانی کلاسیک و هاوچەرخی کوردی بکەین ، ڕەمزە ئەفسانەییە فارسییەکانیان مەزراندووەتە نێو شیعرەکانیان ، ئەو ئەفسانانەی لە (شاهنامە)دا هاتوون ، وەکو "ڕۆستەمی زاڵ و زەححاک" بەڵام ( ئەوەی پێشتر لە بەشی ئێراندا بەشێوە جیاکانی پەهلەوی نووسراون ، میراتی هەردوولا " کورد و فارس"ن ) (هەمان سەرچاوە) .

ئەم کاریگەرییە لە سەردەمی شاعیرانی کلاسیکیش، بۆیە ئەدەبی کوردی هەر لە سەرەتاوە، واتا لەو ڕۆژەوەی کە ئەدەبی نووسراومان هەیە پێوەندییێکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بووە، تا دەگاتە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەم پێوەندییە بێ گومان بۆتە هۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوامیش بووە) (عارف، ١٩٧٤، ٧٢ ).

**٤. ئەفسانەی کوردی**

هەر نەتەوەیەک بەهۆی جیاوازیی زمانی و کولتووری،ئەوەیە بەزمانی تایبەت بەخۆی بنووسێت و بخوێنێتەوە،بەڵام لە ژانری ئەفسانەدا تا ڕادەیەک ئەم ڕێسایە کەمێک جیاوازە، ئەفسانە هەن سەرەڕای ئەوەی بەزمانانی جیاواز نووسراون،لە ئەنجامدا یەک ئەفسانەن، بەڵام کە دەچێتە نێو هەر میللەتێک شەقڵ و تایبەتمەندی ئەو نەتەوەیە وەردەگرێت،لەمەشدا چەند تایبەتمەندییەک هەن،وەکو (تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی،تایبەتمەندیی ئایینی، تایبەتمەندی جوگرافی، تایبەتمەندی دابونەریتی کۆمەڵایەتی) (حەسەن ، ٢٠١٦ : ٤٦- ٤٧)

هەریەک لەو هۆکارانە گوزارشت لەو نەتەوەیە دەکەن و بیروباوەڕە ئاینییەکان ڕووندەکەنەوە، لەنێو ئەفسانەدا جوگرافیای کوردستان ڕوونکەرەوەی ئەفسانەی کوردییە، دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەرخەر و بەڵگەن کە ئەفسانەکە بە کوردی دابنێین، چونکە هەندێ داب و نەریت لە کۆندا هەن، تەنها لەنێو کورددا بوونیان هەبووە، بۆیە کاتێک ئەفسانەیەک ئەم ڕووداوانەی تێدابێت، بە ئەفسانەی کوردی دادەنێین.

بۆیە ئەفسانەی کوردی لە زۆر شوێندا لەگەڵ میللەتانی جیهاندا هاوبەشە، "بەتایبەتی میللەتانی هیندۆ ئێرانی و میللەتانی دراوسێ و گریکی و ڕۆمانییەکان "، لە زۆر شوێندا لێیان جیا دەبێتەوە و مۆرکی نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی و خۆماڵی خۆی پاراستووە،بۆ نموونە (گەلگامش و ئەسکەندەری مەقدۆنی و زەردەشت و ... تاد) هاوبەشە لەنێوان زۆر میللەتان، یان کەسایەتی ئەفسانەیی واش هەیە تەنیا تایبەتە بە کورد، وەکو " بالی و بارام " لەناو ئەفسانەی کوردیدا زۆر بەناوبانگە.

کورد کە خاوەنی مێژوویەکی دێرین و پڕ لە سەرکەشی بێت،چۆن خاوەنی ئەفسانە نابێت، ئەو عەقڵییەت و بیرکردنەوە ئەفسانەئامێزەی لای

میللەتانی دیکە هەستی پێدەکرێت، لای کوردیش هەمان بیرکردنەوە هەیە (کوردیش بەم دید و بنەمایە ئەفسانەییە مێژوو و سروشت و دیاردە و زانست و خەون و خەیاڵی خۆی پێ دەخوێنێتەوە و بەردەوام ئەم دید و ئامرازەی بەکارهێناوە و بەکاری دەهێنێ) (هەمان سەرچاوە ، ٦٦)

ئەم سەرەڕای ئەوەش (لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت ئەفسانەی کوردی... زۆر کون و کەلەبەری هەیە و زانستێکی ئەوەندە ئاڵۆزە ...دەبێ خۆمان جورئەتی ئەوەمان هەبێ بە میتۆدێکی زانستی و سەردەمییانە لێکۆڵینەوەکان بە ئەنجام بگەیەنین ) (مەخمووری ، ٥-٦)

ئەگەر لە ڕەگ و ڕیشەی ئەفسانەی کوردی بزانین ، ئەفسانەی کوردی سەربەخۆیە یان لە ئەفسانەی نەتەوەکانی دیکەوە سەرچاوەی گرتووە ، بە پشتبەستن بە کولتووری کوردی ئەو دیدە ئەفسانەییەی میللەتی کورد دەستنیشان بکەین (هیچ میللەتێک نییە خاوەنی جۆرێک ئەفسانە و شارستانییەتی نەبێت لەناو میللەتانی دیکە جیا نەکرێتەوە ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ، دەتوانین بڵێین کورد خاوەنی ئەفسانەی تایبەتی خۆیەتی کە بە ئەفسانەی کوردی ناودەبرێت و تایبەتە بەکورد و مافی هیچ میللەتێکی دیکەی پێوە نییە (قادر، ٢٠١٠، ٥٠-٥١)

بۆیە دەگەینە ئەو ڕایەی کە (لە دروستبوونی ئەفسانەدا دیدێک هەیە کار دەکات ، هەر میللەتێک تایبەتمەندیی خۆی لە بەکارهێنانی ئەو دیدەدا هەیە ، ئەویش چۆنیەتی خوێندنەوەی دەوروبەر و ڕووداوەکانی ژیان) (حەسەن ، ٦٤)

بۆیە هەندێک خەسڵەت لە ناو ئەفسانەی کوردیدا هەن، ئەویش کۆمەڵێک ڕەمزن ، لە نموونەی هێزی چاکە ، وەکو( فریشتە و خدری زیندە و ڕووناکی ، لە بەرانبەر ئەمانەشدا کۆمەڵێک ڕەمزی شەڕخوازی هەن ، وەکو " جنۆکە و شەیتان و دێو و درنج و مار و ئەژدیها و پیرەژن و تاریکی ، ئەمانە

هەمیشە لە ململانێ و بەربەرەکانێدان، وێنەی دێو و درنج و باڵی شەڕخوازی لەگەڵ بەرەی ئادەمیزاد و باڵی چاکەخوازدا دەکێشێت ، ... لە ئەنجامدا باڵی شەڕخوازی شکست دەهێنن ) (موکری ، ١٩٨٤ ، ٤٦-٤٧)

ئەگەر لە ئایینی زەردەشتیش بڕوانین ، هێزی چاکە و خراپە هەن ، ئاهورامەزدا هێزی چاکەخوازییە و ئەهریمەنیش هێزی خراپەکاری ، لە ئەنجامی ئەمەدا هێزی چاکە براوەیە و سەردەکەوێت .

## بەشی دووەم:

### ئەفسانە دیاردەکانی نێو شیعری حاجی قادری کۆیی

**ئەفسانە:**

بەرهەمێکە زادەی خەیاڵ.. دەربڕینی مرۆڤی سەرەتاییە.. چەشنەکانی زۆرترن وەك: ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان، ئەفسانەی گەردوونی، ئەفسانەی قارەمانی، ئەفسانەی هێمایی، ئەفسانە لە سەرەتای بیرکردنەوەی مرۆڤدا سەری هەڵداوە، بەردەوامیش لەگەڵ مرۆڤ و بیرکردنەوەکانیدا بووە، هەر ئەمەشە هۆی ئەوەی ئەفسانە خزاوەتە نێو زۆربەی بەرهەمە بیرکردنەوەییەکان)) (حەسەن،٢٠٢١،٤٣-٥٥)

بەر لە حاجی قادری کۆیی و دوای ئەویش، شاعیرانی کلاسیك و نوێ ڕەمزی ئەفسانەییان بەکارهێناوە.

حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیدا بەناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئاماژەدان بەناوی ((پاڵەوانەکانی هەندێ ئەفسانە))، باسەکانی خۆی دەوڵەمەند کردووە.

**١. ئەفسانەی شاری جابولقا:**

**کـــە بێـــی و بچییـــەوە (کأنـــە) دیســـان**
**سەفەر دەکەی لە وەتەن، دەچیە شاری جابولقا**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٣٥)

(جابولقا) ناوی شارێکی ئەفسانەییە، ناوی هەیە و بوونی نییە، بۆ یەکەم جار لەکتێبی (هەزار و یەك شەو) هێنراوەتە نێو ناوان.

((شاری جابولقا) ئەم شارە وەك شارێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی باس دەکرێ، بەڵام لە ئەفسانە شاری دوور و بزریش پاڵەوان دەتوانێ بیدۆزێتەوە و مرادی خۆی لێ ئەدا بکا)) (حەسەن،٢٠٢٠، ١٠٩)

هەروەها ((شارێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵات، دەڵێن هەزار دەرگای هەیە و لەهەر دەرگایێ هەزار کەس پاسەوانی دەکەن، دەیشڵێن شارێکە قۆناغی یەکەمی سالکی ڕێگای حەقیقەتە لە دنیای میسالیەت)). (برهان،١٣٧٦، ٣٣٧)

لای شێخ ڕەزای تاڵەبانیش، گەلێك ڕەمزی ئەفسانەیی بەکارهێنراون، لەوانە (شاری جابولقا) بەڵگە دەهێنێتەوە کە شارێکە ناوی هەیە و بوونی نییە، دەڵێت:

**٢. عەنقا:**

**سێ ئیسم هەن بێ موسەمما، هەروەکو ئاوی بەقا**
**تەیری عەنقا، شاری جابولقا، پلاوی خانەقا**

(خاڵ، ئاشنا، ٢٠٠٣، ٤٠)

ئەم پێنج وشەیە (قوللەیی قاف، تەیری عەنقا، شاری جابولقا، ئابی بەقا) بەڵام (پلاوی خانەقا) لە داهێنانی شاعیر خۆیەتی و وەکو شتێکی ئەفسانەیی نیشانی داوە، بەناوی بێ ناولێنراو دانابێ)) (شوان،٢٠٢٢، ١٣٥)

**٣. رۆستەمی زاڵ:**

**کامە لوقمان کەوتە چنگی پیری، دەستی بانەدا**
**کامە رۆستەم تووشی بوو، نەیخست و دەست و پێی نەبەست**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٣٥)

(حاجی) لێرەدا باس لە دەردی پیری و بەساڵاچوون دەکات کە چۆن پەکی مرۆڤ دەخات، چەند بەهێزبێت، سنوور بۆ دەسەڵاتەکەی دادەنێت و لەچاو دوێنێ لاوازی دەکات... حاجی لە نیوەدێڕی دووەمدا ئاماژە بۆ (ڕۆستەمی زاڵ) دەکات کە پاڵەوانی ئەفسانەیەکی قارەمانی فارسەکانە، گوایە شەڕکەرێکی کەم وێنە و قارەمانێکی ئازا و بەجەرگ بوو.

((ڕۆستەمی کوڕی زاڵ و جیهان پاڵەوانی ئێرانە، خەڵکی زابولستان بووە، توانا و هێزێکی لەئەندازە بەدەری هەبووە، خزمەتی چەند پاشایەکی ئێرانی کردووە، وەك (کەیقوباد، کەیکاوس، کەیخوسرەو) دێوی سپی لە ئەشکەوتەکەیدا لە مازندەران کوشت و کەیکاوسی رزگارکرد و هەندێ لە دێوەکانی تری لەناوبرد، ئەسپە گەورەکەی کە ناوی (ڕەخش)ە لە هەموو شوێنێکدا و لەگەڵ، ئەسفەندیار جەنگی لەگەڵدا دەکات، بەڵام دەبەزێ، سەرەنجام (شەغاد)ی برای رۆستەم، بەفێڵ ڕۆستەم و ئەسپەکەی دەخاتە ناو چاڵێکی پڕ لەنێزە و شمشێر، رۆستەم لەکاتی مەرگیدا تیرێك دەوەشێنێ، شەغاد و ئەو درەختە دەسمێ کە خۆی داوەتە پاڵی)) (عارف،٢٠٠٧، ٤٥٠-٤٥١)

هەر چەند (د. محەمەد نووری عارف) پاڵەوانی ڕۆستەمی داستانی داناوە، بەڵام بەهۆی بوونی (دێوی سپی) وامان لێ دەکەن بەرەو ئەفسانە بچین.

رۆستەمی زاڵ یانی رۆستەمی مازندەران هاتووەتە نێو پەند و ئیدیۆمی کوردییەوە، وەکو ئیدیۆمی:

((- حەفت شەو و حەفت ڕۆژ باسی رۆستەمیان بۆی کرد، دوایی گوتی (ڕۆستەم نێر بوو یان مێ)

بۆ کەسێك بەکاردێت، کە درەنگ لە شت بگات و ئیهمال بێت و کەمێك گێژ و هێڕ بێت.

- یان دەرێی رۆستەمی مازندەرانە!

بۆ کەسێکی ئازا و پاڵەوان بەکاردێت.

- یان بوویتە رۆستەمی مازندەران)).

بۆ کەمکردنەوە و شکاندن بەکاردێت، واتا هەرچی بکات و خۆی هەڵبکێشێت، بەڵام هەر هیچە.

لێرەدا مەبەستی قسەکەر زیاتر ماناکەی روون دەکاتەوە.

ئەوەی دەبینرێت حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**حەیای چوو چەتری تاوس بارەگاهی شەعشەعەی خورشید**
**کەمەنـــدی پیلەتەن، زنجیـــری داود، گـــۆدەرزی**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٥٩)

وشەی (پیلەتەن)ی بەکارهێناوە، هەر چەند لەقسەی سەرزاری باسی لێوە دەکرێت، بەڵام ((وشەی (پیلەتەن و فیلەتەن و پیل تەن) نازناوی ڕۆستەمی زاڵە)) (هەمان سەرچاوە، ١٩٨٦،ل١٧٤-١٧٥)

وشەی (پیلەتەن)ی بەکارهێناوە، هەرچەندە لەقسەی زاری باسی لێوە دەکرێت کە (ئەوکەسەی کەلەشی وەکو فیل وابێت، کەتە، لەش گەورە، زۆر بەهێز) (هەمان سەرچاوە، ١٩٨٦،ل١٧٤)

وشەی (پیلەتەن و فیلەتەن و پیل تەن نازناوی ڕۆستەمی زاڵە.

**٤. زەحەاك:**

**لەبــی زەححاکــی فەرمووی ماری زوڵفــم**
**چەمی کەللەی کەبە، مووچەی سەری جەم**

حاجی (لەب) لێو*ای* یارەکەی وەکو (زوحاك) دەبینێت، کە چۆن کەللەی سەری دوو کوڕ دەکاتە ژەمە خۆراکی ماری زوڵفەکانی، بەهەمان شێوەی مارەکانی سەرشانی (زوحاك)یش خواردنیان، وەك لەئەفسانەکاندا هاتووە، ڕۆژانە کەللە سەری دوو کوڕە کورد بووە زوحاك ستەمکاری ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاك)ە، کەسێکی فارسە و پاشایەکی زۆردار بووە و دەستی سوور بووە بەخوێنی کورد، هەر ئەم ئەفسانەیەش بووەتە بناغەی دروستبوونی (نەورۆز) زەحەاك ((پاشای داستانی کە لەدوای جەمشید لە ئێران پاشایی کرد، کوڕی (مرداس) پاشای ناوچەیەکی عەرەب بوو، ئەهریمەن زەحەاکی فریودا... وای کرد باوکی بکوژێ و لە شوێنەکەی دابنیشێ...

ئەهریمەن خۆی وەکو لاوێك لێ کرد، جۆرەها باڵندە و چوارپێی دەکوشت و وەکو چێشتلێنەرێك گۆشتەکەی دەرخوارد دەدا تا فێری خوێن ڕشتنی بکات،... دوایی شانی ماچ کرد و دوو ماری ڕەش لەسەر شانی ڕوا، ئەهریمەن خۆی هێنا شێوەی پزیشك و فەرمانی دا کە مارەکان بەمێشکی ئادەمیزاد پەروەردە بکەن، دوایی هەر شەوە دوو گەنجیان دەکوشت و مێشکی سەریان دەدا پێی)) (عارف،٢٠٠٧، ٤٦٠-٤٦١)

دوای ئەمە (حاجی) ڕەمزی (مار)ی بەکارهێناوە، سەرەڕای ئەوەی چیرۆکی (زەححاك) ماری تێدایە، ((مار زیندەوەرێکی خشۆکی زیندووی نێو ئەفسانەیە، کە جگە لەوەی ئادەم و حەوای لە بەهەشت وەدەرنا و گیانی نەمری لەگلگامش خوارد، دیسان وازی نەهێنا و هەمیشە لەگەڵ مرۆڤ ململانێیەتی، ئەم تەمەنە درێژەیشی لەگەڵ مرۆڤ وای کردووە ببێتە هاوبەشی دروستبوونی زۆر چیرۆك و بەسەرهات و ئەفسانەی بەناو و دیار)) (حەسەن،٢٠٢٠، ٦٣)

**٥. کاوە:**

**حاجی بەشیعرەکانی وەکو کاوە**
**ڕۆژێ دەبینن درەفشی هەڵـــداوە**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٩٤)

((درەفش، درەوشت، ئاڵا، بەیداخی کاوە، ئاڵای کاوە)) (موکریانی، ٢٠١٧، ٦٤٥)

کاوە ((ناوی پاڵەوانی ئەفسانەی ناسراو و میتۆلۆژیای، کاوەی ئاسنگەرە، بەگوێرەی داستانەکان، کاوە لە سەردەمی ئەژدەهاك ژیاوە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا بەواتای (پاشا) هاتووە، هەر هەمان وشەی (Kavi کەڤی)ی ئاڤێستایە)). (هەرشەمی، ٢٠٢١، ٤٨-٤٩)

حاجی شانازی بەخۆی و شیعرەکانی دەکات، کە رۆژگارێك لێی تێدەگەن و وەکو کاوەی ئاسنگەر سەردەکەوێت (درەخش) ئاڵای سەرکەوتن و شۆڕشی کاوەی ئاسنگەری پاڵەوانی کوردە، وەك لە ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاك) هاتووە.

لەم دێڕە شیعرەدا ((حاجی)) خۆی لەو ئاستە دەبینێ، کە بۆ خۆیان (کاوە) یەکن و خۆی و شیعرەکانی لە دواڕۆژدا ئاڵای شۆڕش و سەرکەوتنی کورد هەڵدەدەن:

**لەژێر فاقی فیراقی وەها فەرسودەیە جیسمم**
**لەگەڵ عەنقا قەرینم لەئیسمی بێ موسـەمما**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٤٨)

حاجی دەڵێت: لەژێر لکەداری دووری لەیارەوە لەشم داڕزیوە داوەشاوە لەگەڵ عەنقا هاوڕێیەکی زۆر نزیکم، بەڵام هەردووکمان ناوی بێ ناولێنراوین.

عەنقا ← ڕەمزێکی گەورەیە لەنێو ئەفسانەدا، ناوی هەیە و بوونی نییە.

((عەنقا: سیمورغ، باڵندەیەکی ئەفسانەییە، دەڵێن باڵندەیەکە، کە (زاڵ)ی باوکی ڕۆستەمی پەروەردە کردووە و گۆش کردووە)) (عارف،٢٠٠٧، ٦٢٩)

((عەنقا، مەلێکی خەیاڵیی کە هێلانەکەی لەکێوی قافە، هەرچەند عەنقا و سیمرخ دوو مەلی خەیاڵی جیاوازن، بەڵام دە ئەدەب دا وەك یەکیان دادەنێن)) (نانەوازادە، ٢٠٢١، ٦٥٣)

ئەم ((سیمرغە باڵندەیەکی زۆر گەورە و بەعومرە، وەك لە ئەفسانەکاندا باس دەکرێ، دەتوانێ پاڵەوان بەچەك و یارەوە بەحەفت کوندە ئاو و حەفت کەلەشە کوشتی و حەفت نوردی نانەوە هەڵگری چەندان رۆژ هەر بفڕێ و نەنیشتەوە، تالەبن دنیای دێتەوە سەر دنیای)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٥٨)

هەر لەبارەی عەنقاوە ((باڵندەیەکی ئەفسانەیی زەبەللاحە، گوایە لەکێوی

قاف هێلانە دەکات: لەمیتۆلۆژیای کوردەواری واباوە کە گوایە عەنقاش یەکێك بووە لەو باڵندانە لەناو کەشتییەکەی حەزرەتی (نوح)دا بووە، نوح بەهەموو باڵندەکانی وتووە بڕۆن وشکانیم بۆ بدۆزنەوە، تەنیا عەنقا ڕۆیشتووە، وشکانی دۆزیوەتەوە، بەڵام هاتۆتەوە سەر کەشتییەکە و منالێکی ڕفاندووە، بۆیە حەزرەتی نوح دوعای لێکردووە و وتوویەتی "بڕۆ تووناوتوون بە، ناوت هەبی و ناوەرۆکت نەبی". خوا نزاکەی حەرزەتی نوحی گیراکردووە و لەو رۆژەوە ناوی هەیە، ڕوخساری نییە)). (هەورامی، ١٩٩٨، ٣٤)

لە چیرۆکی ئەحمەدی پاڵەواندا، دوای ئەوەی دەکەوێتە ناو بیر و دواتر دەکەوێتە سەر پشتی بزنە نێرییە رەشەکە، حەفت تەبەقەی دیکە دەچێتە بن عەرد، دوایی لەبن دارێك دەیەوێت پشوویەك بدات، دەبینێ عەزیایەکی گەورە دەیەوێت بچێتە سەر هێلانەیەك و فەرخەکانی بخوات، ئەحمەد عەزیایەکە پارچە پارچە دەکات، کە دایکە دێتەوە (سیمرغ)ە، دەیبینێ فەرخەکانی ماینە، هاوار دەکا کێ فەرخەکانی پاراستیمە بخوازی ماری دنیایێ، دوای دوو جار، سێیەم جار (ئەحمەد) دێت و دەرێ بمگەیەنەوە سەر دنیایێ، ئەویش دەرێ ((حەفت سارە فەرخەم دەخورێ حەفت ساری دیش خواردبای یەکی ئەو داوایەت نەبا، بەڵام دەرێ وەعدم دایە، دەیبەمەوە سەر دنیایێ، بەران حەفت کەلەشە کوشتی حازر بکە، لۆ هەر تەبەقەکی پێویستم بە کەلەشە حەیوانەکیە)).

**٦. ئەفسانەی دروستبوونی جیهان:**

**لە پرەپڕ و لە سمکۆڵی پیرەگا کێوی**
**دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسێ گاوی سەما**

حاجی قادر زۆر بەوردی لەسەر ئەو ئەفسانەیە دواوە کە دەڵێن زەوی لەسەر پشتی گا وەستاوە، پیرە گا زەوی هەڵدەکۆڵێت.

((گاوی زەمین (گاوی ثری) ئەفسانەیەکی باوە لەناو گەلانی رۆژهەڵاتدا، کە بەم جۆرە باسی لێوەکراوە، گایەکە، کە زەوی وا لەسەر پشتی و ئەو گایەیش وا لەسەرپشتی ماسی)) (عارف،٢٠٠٧، ٧٤٤)

(گاوی سەما (برج الثور) کەلووی گا) (میران، شارەزا،١٩٨٦، ٤٠)

لە شوێنێکی دیکە حاجی ئەو ئەفسانەیە دەمەزرێنێتە نێو شیعرەکانی، بەڵام بەشێوازێکی جیاوازتر.

**تا بڵێێ فەرقی هەیە، میهری من و ماهی فەلەک**
**لە(سەرا) تا بە(سورەییا) لە(سەما) تا بە (سەمەک)**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٧٤)

((ماهی فەلەك، مانگی ئاسمان، سەرا (الثری)، خاك، عەرد، (سورەیا) (الثریا) کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ (پێروو) سەما، ئاسمان، سەمەك، مەبەست ئەو ماسییەیە کە عورەفای قەدیم پێیان وابوو دنیا لەسەر پشتی ئەو گایە و گاکەش لەسەر پشتی ماسییە)) (هەمان سەرچاوە، ٧٤)

لەم دێڕەدا حاجی باسی ماسیشی هێناوەتە ناوەوە، بۆیە زۆر جار لە مەولوودەکان و لەسەر زاری خەڵکیش ئەمە دەگوترایەوە ((برادەران خودای تەبارەك و تەعالا، عالەمی بەو نەوعە خەلق کردییە، ئەرز لەسەر بەردییە و بەرد لەسەر گاجووتییە، گاجووت لەسەر پشتی ماسییە، ماسی لەسەر ئاوە، ئاو لەسەر بایە، با لەسەر هەوایە، هەوا لەسەر تاریکی داندرایە، لەژێر ئەو تاریکییە کەس نازانێ چ باسە و چ هەرایە)) (جەلیزادە،٢٠١٣، )

((بەمنداڵیش ئەگەر زەوی لەرزیبا، دایکم دەیگوت، ئەوە گا و ماسییەکەن جووڵاون، لەبنەڕەتدا ئەمە ئەفسانەیەکە))

لە داستانی مەم و زینیشدا بەم شێوەیە ئاماژە بەیەکێك لەو ئەفسانە خۆماڵییانەی دروستبوونی جیهان و شێوەی جێگیربوونی دەکات.

**((خوشکی نێوەنجی وای گوتییە**
**هەر لە عەرشی تا کورسییە**
**هەر لە گای هەتا ماسییە**
**هەموو دنیام پشکنییە))**

(ئۆسکارمان، ٢٠١١، ١٤٥)

((ئەو ئەفسانەیە بریتییە لەو بیروباوەڕە دواکەوتووەی کوردەواری کە باس لە وەستانی گۆی زەوی دەکات، گۆی زەویش لەسەر قۆچی گا وەستاوە و گاش لەسەر پشتی ماسییە و ماسیش لەنێو دەریادایە و دەریاش لەسەر هەوا وەستاوە هەروەها بڕوای بەسووڕانی زەوی نییە)). (ئەحمەد، ٢٠١٩، ٢٠٦).

**٧. ئەفسانەی قاقۆل زێڕ و ددان مرواری:**

**لەدەوری دوڕی دندانی بەقیمەت**
**ددانی کەندومە لوولــوویی لالا**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٢٨)

(لوولوویی لالا: مرواری ترووسکەداری بە ورشە) (هەمان سەرچاوە،٢٨)

حاجی قادری کۆیی هێمای ئەفسانەیی چیرۆکی (قاقۆل زێڕ و ددان مرواری) هێناوەتەوە، چیرۆکەکە سێ خوشك گفتوگۆ دەکەن، یەکێکیان دەڵێت ئەگەر پاشا بمخوازێت، دوو منداڵی (قاقۆل زێڕین و ددان مرواری) پێشکەش دەکەم، دوایی ئەم خوشك و برایە بەپلانی زڕ دایك دوور دەخرێنەوە و سەرەنجام پاشا دەیانگەڕێنێتەوە وڵاتەکەیان، جا هەرچی ئەم خوشك و برایە دەبینێت بەجوانییان سەرسام دەبێت)) (جیهانی، ١٣٩١، )

**سەوادی سێبەری تۆیان هەتا نە کردە میداد**
**نەنووسرا وەرەقی ئەمری (کن فکان)ی قەدیم**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ٨٨)

سەوادی سێبەر: ڕەشایی سێبەر، تا ڕەشایی سێبەری تۆیان نەکەوتە سەر، مەبەستی پێغەمبەرە (ص)، دونیا دروست نەبوو.

(کن فکان) ئاماژەیە بۆ (کن) واتە (ببە)، (فکان) خێرا...

((تاخودا شێوەی تۆی نەهێنا پێشەوە کائیناتی خەلق نەکرد، ئاماژەیە بەوە کە خودای گەورە لەبەر پێغەمبەر (ص) تەواوی کائیناتی دروست کردووە)) (میران، شارەزا،١٩٨٦، ٨٨)

ئەمە ئاماژەی ئەوەیە کە دەڵێت (لولاك لولاك، ما خلقت الافلاك) ڕاستە خودا پێغەمبەر (ص)ی هەڵبژاردووە بە (رحمة للعالمين) ناوی بردووە، بەڵام کە خودا دونیای دروست کرد، لەبەر خاتری پێغەمبەر نەبووە.

**٨. مووری سولەیمانی:**

خەتی دەورە ڕوخی داوە وەکوو مووری سولەیمانی
خەیاڵی کردووە زوڵفت بەحیلە خاتەمی لادا

((پێویستە ئەوەش بڵێین مەبەست چ (موور) یا (مۆر) بێت، حاجی ئاماژە بەچیرۆکی حەزرەتی سولەیمان لەگەڵ مێروولەدا دەکات کە مۆریشی پێوە بووە)) (میران، شارەزا،١٩٨٦، ٥٤)

((ئەم ئەنگوستیلەیە لە چیرۆکی ئاینییەوە هاتووەتە نێو ئەفسانە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سلێمان پێغەمبەر)) (حەسەن،٢٠٢١، ٤٤٨)

((ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەپێی چیرۆکە ئاینییەکە و چ بەوەی زۆرتر لە ئەفسانەدا باوە، ئەنگوستیلەکە بای دەدەی (دێو) ئامادە دەبێ، کەچی لێرە حەزرەتی سلێمان کە لەبنەڕەتدا خاوەنی ئەنگوستیلەکەیە)) (حەسەن، ٢٠٢١، ٤٤٨)

**٩. سەفەری حەفت خوان:**

**مــن لە غــەمت ڕێگەکەیــم کــەوتــەبــەر**
**خوانی بەهەشتە و سەفەری حەفت خوان**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٠٣)

حاجی قادری کۆیی ئاماژەی بە (هەفت خوان) کردووە کە ((قۆناغێکی دژوار و گران، یەکێکە لە چیرۆکەکانی شانامەی فیردەوسی کە بریتییە لەوە کاتێ ڕۆستەم بۆ نەجاتدانی (کەی کاوس) دەڕوا بۆ مازندەران، تووشی حەوت کارەساتی دژوار دەبێ و بەچالاکی لێیان ڕزگار دەبێ، ئێستا ئەم حەوت خوانە بووە بە پەند ئیشی تووش و ئەستەم، وا مەشهوورە تەنیا ڕۆستەم و ئەسفەندیار توانیویانە لێی دەربازببن)) (هەمان سەرچاوە، ل١٠٣)

(سالم)یش ئاماژەی بە (هەفتخوان) کردووە کە دەڵێت:

**((فیتنە خیزە ڕاهی قوستەنطین بەمیثلی هەفتخوان**
**ئەم بەهەر خوانێ وەکو ڕۆبین تەن ئاسان هاتەوە**

((ڕۆستەمی زاڵ تووشی حەوت شەڕ دێت، کە بەسەر یەکەوە بەهەفتخوانی ڕۆستەم ناسراوە)) (دەشتی، ٢٠٢١، ٢٥)

لە شوێنێکی دیکە حاجی قادر، باسی دوو زولفی یار دەکات، کە پاسەوانی ڕووی یار دەکەن، زولفەکانی بەماری پاسەوان چوواندووە و دەم و چاویشی بەگەنجینە، لەمەدا هێمای بۆ ئەفسانەی تەشتی نادام کردووە، کاتێك ئەو پیرێژنەی (قاقۆل زێڕ و ددان مرواری) بەبچووکی فڕێدا، دەچێتە لای (ددان مرواری) و دەڵێ دەبێت برایەکەت بچێت (تەشتی نادام)ت بۆ بهێنێت.

**١٠. ماری موتەلســەم:**

**ئەوسافی وەکوو خەتتی دوو زوڵفە بەچەپ و ڕاست**
**وەک ماری موتەلســەم تەلیسمــی سـەری کـەنـزە**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٣٠)

حاجی وێنەیەکی جوانی لە یەك تابلۆ کۆکردووەتەوە زوڵف بە ئەژدیها چووێنراوە، زوڵف گەنجووری گەنجە، دەم و چاو و ڕووی یار گەنجینەکەیە، مارێك تۆق و تەلیسم کراوە لەسەر گەنجینەکە. ((لە ئەفسانە کۆنەکاندا ماری زۆر گەورە و عەزیا کە ئاگر لەدەویان دێتە دەرێ، بەسەر خەزنە و کووپە زێڕ و دورجە پڕ ئاڵتوون و شتە ناوازەکاندا شەو و ڕۆژ بەدیاریانەوە پاسەوانن)). (مەولود، ۲۰۲۲ ،ل۱۳) بەبڕوای ئێمە لەم شیعرەدا ئاماژەی بۆ ئەفسانە کردووە، ئەویش هێمایەکی (تەشتی نادام)ە.

تەشتی نادامێ ((ئەو تەشتە زۆر بەزەحمەت دەست دەکەوێ، بەڵام هەر کە پاڵەوان بەدەستی هێنا، ئیدی دەمێنێتەوە، ئیشی سەدان ژن و پیاو بەیەك چاو قوچێنی دەکات، ئیشەکەیش ئەوەیە، نیەت لە چ جۆرە خواردنێك بگرێ و هەر چەندی لێ بخوازێ... بەیەك چاو قوچێن ئامادە دەبێ)). (حەسەن، ۲۰۲۱ ،۸۱)

لە شوێنێکی دیکە (حاجی قادر) باسی (کوندەپەپوو) دەکات و لەگەڵ کەلاوە و وێرانە ناوی دەهێنێت.

### ۱۱. ئەفسانەی کوندەپەپوو (بووم):

**بەیادی کونجی تۆ (حاجی) وەکو بووم**
**لە مەعمــوورە دەچێتە نــاو کــەلاوە**

لە بیرو باوەڕە کۆنەکان (کوندەپەپوو) لە هەر شوێنێك بنیشێت و جارێك بخوێنێت، ئەو شوێنە دەبێتە کەلاوە و وێرانە ((لە ئەفسانە واباسی دەکەن کە دەچنە داخوازی کچەکەی (بۆمی بووم)دا بۆ مارەیی و نەختی کچەکەی داوای حەفت شاری وێران دەکات! پاشا شارەکەی وێران کرد، بۆیە لە (کوندەپەپووی زیاتر چ تاقە شتی لێ نەدەنیشت، تەنها کوندەبۆی لێ دەخوێند)) (حەسەن، ۲۰۲۰، ٤٠)

**تاقەت و سەبرم ئەگەر ڕوویین تەنی ئەفراســــیاب**
**(رۆستەم)ی هیجری لە ئەرزی داوە دەستی بەستووە**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٣٨)

حاجی ئاماژەی بە (ڕووپین) تەن کردووە کە نازناوی ئەسفەندیاری پاشای کیانیە و مەبەست توندوتۆڵ و لەش بەهێزە)) (عارف،٢٠٠٧، ٤٤٧) بەڵام د. عوسمان دەشتی دەڵێت((..... ڕووپین تەن نازناوی رۆستەمە)) (دەشتی،٢٠٢١، ٢٥-٢٦)

حاجی لە باسی (دێو)یشەوە دامەزراندوویەتییە نێو شیعرەکانی، لە باسی دوژمنانی ئیسلام، کە کەسانی پاك و ساف و لەخودا ترس دەبیت لەوان وابی (دێوە)، شەرعزانانیش لەلایان (شەوە)یە.

**١٢. ئەفسانەی شەوە:**

**هێندە بێگانە لە ئیسلامن و ئەحبــابی فەرەنگ**
**موتتەقس دێوە لەلایان، موتەشەڕڕیع شەوەیە**

(میران، شارەزا،١٩٨٦، ١٤٦)

((هەرچەندە لە زەینی ئێمەدا بەهۆی وێنە جۆراوجۆرەکانی (دێو) لەنێو ئەفسانەدا، وێنەیەکی راوەستاو و نەگۆڕمان نییە بۆ (دێو) هەروەها دێو شتێك نییە، وەك مێرووله و گورگ لە سروشتدا بەچاو ببینرێ، بۆیە لەهێنانە بەرچاوی وێنەی دێو چەندین شت تێکەڵ دەبن، بۆ نموونە: لەنێوان شێوەی ورچ و شەیتان، کە ئەویش وێنەیەکی جێگیر نییە)) (حەسەن، ٢٠٢٠ ،٤٤٥)

هەر لەبارەی دێو و پێناسەی لە هزری خەڵکدا ((گیانلەبەرێکی حەپوحێلە، دەتوانێ بفرێ و شێوەی خۆی بگۆڕێ، گۆشتی ئینسان دەخوات و لە کێو و ئەشکەوت و تاریکیدا دەژی، نێرینەی کچ دەڕفێنێ و مێیان کوڕ! گیانی لە لەشدا نییە و کودیلەی ڕۆحی هەیە، ئەگەر کودیلەی رۆحی کەوتە

دەست هەر کەسێ، با دووریش بێ، دەتوانێ دێو بکوژێ)) (حەسەن،٢٠٢٠، ٤١).

(دێوی سپی ل١٣٤ دیوانی حاجی) دوای ئەوە (حاجی) باسی (شەوە)، ئەمەش بیروباوەڕێکی ئەفسانەییە گوایە، ئافرەتی زەیستان کە تازە منداڵی بووە، قورئان لەپشت سەری دادەنێن، یان دەرزی و سووژنێکی لە یەخەی دەدەن، بۆ ئەوەی (شەوە) بڕەوێتەوە و نەیەت.

لە گێڕانەوەیەك لە وەسفی شەوە ((دەیگوت من شەوەم بینیوە، کاتێك کوڕی گەورەم لەدایك بوو، هات، دووربەدووری گۆتی وەرە، بەڵام من نەچووم، ژنێکی پرچ قرژن و ناشیرن و سەروسیمایەکی ناشیرینی هەبوو، لەبەر قورئانەکە نەدەهاتە پێش)) جگە لەمەش وەکو (گوتەیەکی ئامادە و قسەیەکی سەرزاری، بەکەسێکی خراپ دەڵێن: (بریا شەوە بیبردبایەوە) مەبەست لێی مردنە.

بۆیە لەدوای لەدایکبوون، منداڵ بمرێت دەڵێن (شەوە بردی) یان (شەوە لێیدا) یان ئەو دوعایە دەکەن دەڵێن (دەك شەوە بتباتەوە) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٤٤)

دوای ئەمە (حاجی) باسی ناو و شوێنێکی دیکەی ئەفسانەیی دەکات، کە زۆر لەسەر زارانن،

**١٣. ئەفسانەی هوما:**

**من هومام و قوللەیی قافی قەناعەت جێگەمە**
**لایقی پەیغامی ئەو پەرویزەیە عەنقا دەبـێ**

(میران، شارەزا، ١٧٣)

((هوما: ناوی باڵندەیەکی شکاری گەورەیە، پەڕەکانی سەرپشتی خۆڵەمێشی مەیلە و سپییە... خواردنی تەنها ئێسقانە. هوما= عوقابی ئێسقان خۆر، پێشینان وایان دەزانی سێبەری هوما بکەوێتە سەر هەرکەسێ، دەبووە مایەی کامەرانی و خۆشبەختی بۆی)) (عارف،٢٠٠٧، ٩٧٠)

زۆرجار هوما ناوی لەگەڵ مردنی پاشایەك هاتووە، کاتێك وەکو بازی شا هەڵدراوە، لەسەر سەری هەر کەسێك نیشتباوە ئەو کەسە لەهەر پلەیەك بووایە، دەبووە پاشا بۆیە گوتراوە ((وەی دەنا نەمردبام و تەیری هوما پێم لەسەر سەری بنیشتبایەوە و ببمایە پادشا و مرادم هاتبایەجێ)) دوای (حاجی) ناوی (قوللەی قاف) دەکات و وەك لە ئەفسانەدا هاتووە ((قوللە: لووتکەی شاخە و (قاف) چیای قافی خەیاڵییە یان چیای قەفقاسە)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٦٠)

هەر لەبارەی کێوی قاف ((کێوی دوور و شوێن نەزانراوە، پاڵەوان زۆر بەزەحمەت دەگاتە ئەم کێوە، کە جێگای دێو و ئەجندە و پەرییانە)) (هەمان سەرچاوە ٦٠)

بەڵام دکتۆر عزەدین مستەفا دەڵێت ((گیانی بەدی دێو و درنج و خێو، بەدرێژایی مانگی رەمەزان لەپشت چیای قاف دەبەسترێتەوە، چیای قاف خودی چیای قەفقاسە)) (رسول،٢٠١١، ١٣)

حاجی قادری کۆیی باسی (ئەژدیها) دەکات، ئەم گیانداره رووبەرێکی فراوانی لە ئەفسانە داگیرکردووە، بۆیە ((بەکەسێکی ستەمکار دانراوە و ئایینی ناپاکی بڵاوکردۆتەوە، هێرشی کردۆتە سەر نیشتمانی ئارییەکان و ئیمە (جەمشید)ی لەناوبردووە)) (حەسەن، ٢٠١٣، ٢٦)

لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ((ئەژدیها وەکو عەزیا وایە، بەڵام سێ یان حەوت سەری هەیە، زۆر گەورە و گران و بە سامە، جاری واهەیە پاڵەوان چەند سەرێکی دەپەڕێنێ)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٦٤)

لە شوێنێکی دیکە (حاجی قادر) بەناڕاستەوخۆیی ئاماژەی بەدەنگخۆشی بولبول کردووە، هەر ئەمەش هۆکارێك بووە بکەوێتە قەفەسەوە.

### ١٤. ئەفسانەی خوێندنی تووتی:

**بۆچی حاجی نەخوێنێ وەکو تووتی**
**ئەم زوبانە هەزاری خستە قەفــەس**

(میران، شارەزا، ٧٣)

((لە گێڕانەوە ئەفسانەییەکان واهاتووە سەرەتا بولبول دەنگی ناخۆش بووە، داوای دەنگخۆشی لەخودا کردووە، خودایش دەنگە خۆشەکەی پێداوە، لە بەرانبەردا ئازادی لەدەستداوە و بەهۆی دەنگخۆشیەکەیەوە، سەرئەنجامی نێو قەفەس بووە)).

بۆیە ڕازی نەبوون بەو بەشەی کە خودای گەورە پێیداویت، سەرئەنجامی باش نابێت، زۆرجار کە خودا شتێکت پێ نابەخشێت، ئەوە باشیی تۆی تێدانییە و مرۆڤ پێویستە بەو بەشە ڕازی بێت کە خودا پێیداوە).

لەنێو کوردەواریدا گلەیی لە بەخت کردن ئێجگار زۆرە، وەکو گوتراوە، ((کەس بە بەشی خۆی ڕازی نییە))

(حاجی)یش لەم گلەییکردنە بەدەر نییە لە شوێنێك هەم شانازی دەکات و هەمیش گلەیی، لەدێڕێکی دیکە باسی هەڵسانەوەی بەختی خۆی دەکات.

### ١٥. ئەفسانەی بەختی نوستوو:

**زاهیرەن بەیتم لە (نالی)و (کوردی) زۆر کەمتر نییە**
**تالعم بەرگەشـــتەیە بەدبەختم بەختــم نووســـتوە**

(میران، شارەزا، ١٣٧)

**تا سوبحی گەردەنی لە شەوی زولفی هەڵنەیێ**
**(حاجی) مەڵێ بەتالیعی نووستوو: هەڵستەوە**

((لەم دێڕانەی (حاجی) ئەوە دەردەکەوێت هێمایە بۆ ئەفسانەی (ئەو کابرایەی بەدوای بەختی خۆیدا دەگەڕێت) دەڵێن کابرایەك دەبێت بەهۆی

ڕزق سواری و هەژاری و بێ بەختییەوە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و دوور دەڕوات، لە نەزانیی خۆی نەدەبێتە پادشا و کچەکەی مێردی پێ کرد، نەدوڕی گەوهەری نەهەنگەکەی هەڵگرت، دوایی گورگیش خواردی کاتێك بەگوێی ئامۆژگارییەکانی خدری زیندەی نەکرد)) (عاڵڵایی،٢٠٠٨ ، ل١٦٤-١٦٦)

حاجی باسی ڕەمزێکی ئەفسانەیی دەکات، ئەویش ئاوی حەیاتە، هەر چەند بابەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام زۆرجاریش بە(خدری زیندە) گرێدراوە.

**١٦. ئەفسانەی ئابی حەیات (ئاوی حەیات):**

**((نالی)) ئوستادەکی گەلێ چابوو**
**خزری ئابی حەیاتی مەعنابوو**

(میران، شارەزا، ١٧٥- ٢١٧)

((خدر گوایە (ئاوی حەیاتی) خواردووەتەوە، بۆیە نامرێ... لەسەر شێوەی پیرەمێردی ریش سپی و نوورانی خۆی بەخەڵك نیشان دەدا بەهانای لێقەوماوان دێت)) (حەسەن، ٢٠٢٠، ٤٧)

((تەنانەت ئەوانەی منداڵیشیان نابێت (خدری زیندە) دێتە لایان و ڕێنمونیان دەکات بۆ منداڵبوون چی بکەن)) هەروەها لەئەفسانەی تورك خدری زیندە بەهەر شوێنێکدا بڕوات سەوزی دەکات بەڵام لە ئەفسانەی کوردیدا خدری زیندە فریادڕەسە.

لە گێڕانەوەکانی دایکمدا دەیگوت، خدری زیندە هاتووەتە لای داپیرم، کەسێکی ریش سپی بووە و دەستی هێندە نەرم بووە وەکو ئەوە بووە هێسکی تێدا نەبێ، دوای چەند کچێك کوڕیان نەبووە، دوو شتی پێ گوتوون، یەکەمیان: لەئێوە مرۆڤی باشن، چاکە لەگەڵ خەڵك دەکەن، بەڵام کە لەپشتتان کردوون کاتێك داتاننان، زەمتان دەکەن و بەخراپە باستان دەکەن. دووەم: بڕۆنە سەر قەبری (مەلا ئۆمەر)ی نزیك هەولێر و داوا لەخودای گەورە بکەن، خودا

کوڕێکتان دەداتێ، دواتر کوڕیان بوو و ناویان نا (عومەر) دوایی بوو بە (ئۆمەر) (باوکی دایکم).

((ئاوی حەیات (ئاوی بەقا) کانییەکە لە تاریکیدا، هەر کەسێك لێی بخواتەوە بەنەمری دەمێنێتەوە)) (عارف،٢٠٠٧،٢٦)

وەکو ئیدیۆمێکیش دەگوترێت (هەندە باش و جسن و رووخۆشە، دەرێی ئاوی حەیاتێیە)

**١٧. ئەفسانەی ئەسپی شەش پێ:**

**ئەسپی شەش پێی قەهرەمانی عەجەم**
**مەحــزی کــزبـە بەئیتفاقــی ئـومـەم**

حاجی قادری کۆیی لەگەڵ ئەوەی ئەفسانەی مەزراندووەتە نێو شیعرەکانی، لەگەڵ ئەوەش کەمێك گۆڕانکاری لەناوەکاندا کردووە.

لە باسی (ئەسپی شەش پێ) یان (شەش پێی بەحری)دا، ئاماژەی بەم ئەفسانەیە کردووە و گلەیی ئەوەی کردووە، کە ئەم بەیت و ئەفسانە نووسراون و هی کورد نەنووسراونەتەوە.

((شەش پێی بەحری، ئەو دەعبایە بوو کە لەنێو ئاو دەژیا، شێوەی وەکو ئەسپ وابوو، دوای ئەوەی چەند پاڵەوانێکی سوپای (قارەمان)ی برد، قارەمان راوی کرد و دوایی کردییە ئەسپی خۆی.

((قارەمان گێی گرت و سواری پشتی بوو، دەعبا لەزگ بوو لۆ بەحرێ بچی، شەقەکی لەبن گێی دا و ئاگری لەچاوی برند کرد... ئەو دەعبایە ناوی (شەش پێی بەحری) بوو)) (شوان، ٢٠٠٣، ٤٨)

## ئەنجام

١- بەکارهێنانی رەمزە ئەفسانەییەکان لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە،هەم جوانییەك بە دەق دەبەخشێت،هەمیش کورتبڕییە بۆ شاعیر،بەڕەمزێکی ئەفسانەیی دەتوانێت زۆر مەبەست بپێکێت.

٢- باسکردنی مەزراندنی بەشەکانی فۆلکلۆر بەتایبەت ئەفسانە، هاوتەریب لەگەڵ مێژوو دەڕوات، بۆیە بەشێکی ئەو ڕووداوانەی لەمێژوو دیارنین، لە ئەفسانە دەدۆزرێنەوە.

٣- بەهۆی ئەوەی لە فۆلکلۆردا لێکچوونێك لەنێوان نەتەوە دراوسێکان هەیە، زۆرجار تێکەڵی دروست دەبێت، بەڵام کە شاعیرێك ئەفسانەیەك یان داستانێك دەمەزرێنێتە نێو دەقەکانی زیندوویێتی ئەو ئەدەبە دەردەخات و لە بوون بەموڵکی میللەتانی دیکەیش دەیپارێزێت.

٤- ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا بەشێوەیەکی چڕ رەنگی داوەتەوە، شاعیر بۆ زۆر مەبەست بەکاری هێناون، لەگەڵ بارودۆخ و رۆژگاردا گونجاندوونی.

٥- لە ئەفسانەدا شەڕی نێوان (چاکە و خراپە) هەیە، لە ئەنجامدا هێزی چاکە زاڵە و لە شیعریشدا هەمان ڕێچکە گیراوەتەبەر.

٦- ئەفسانە وەکو کەرەستەی ڕەمزی بەرفراوان بەکارهاتوون، جا ئەو ئەفسانانە جیهانی بن یا خۆماڵی، بەنموونەی دروستبوونی زەوی و گەردوون، شاعیر بەرگێکی نوێی بەبەردا دەکات.

٧- حاجی شارەزاییەکی تەواوی لە هەموو بەشەکانی فۆلکلۆر هەبووە، بەتایبەت ئەفسانە، لە باسکردنیدا، هەم لەڕێگەی ئەفسانەوە رەخنەی لە کورد گرتووە، کە ئەم ئەفسانانە کۆناکاتەوە و بیانخوێننەوە، هەمیش ئاستی بەرزی نووسین و وەرگێڕانی وڵاتانی پیشانی کورد داوە.

٨- حاجی خەڵك لەوە هوشیار دەکاتەوە کە،ئەوەی لە ئەفسانەکاندا هاتوون، مەرج نین لە دونیای واقیع جێبەجێ ببن، هانی کارکردن و ماندووبوونی داوە، بۆ ئەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە ئازاد و سەربەخۆبێت و بگاتە ڕیزی نەتەوە پێشکەوتووەکان.

٩- حاجی قادری کۆیی سوودی لە ڕەمزە ئەفسانەییە خۆماڵی و بێگانەکان وەرگرتووە.

**سەرچاوەکان**


١. ئەحمەد ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٢)، لەبارەی ئەدەبی کۆنی کوردییەوە، بەراورد و لێکۆڵینەوە، لەبابەتی (ڕەمز لە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢. ئەحمەد، کەیفی (٢٠١٩)، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا (بەنموونەی زاری کرمانجی نێوەڕاست)، ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٣. برهان، محمد حسین بن خلف (١٣٧٦)، برهان قاطع، باهتمام (د.)، محمد معین، جلد دووم، چاپ ششم، مؤسسة إنتشارات امیر کبیر، تهران.

٤. تاڵەبانی، دیوانی شێخ ڕەزا (٢٠٠٣) (شێخ محمدی خاڵ و ئومێد ئاشنا)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥. جەلیزادە، حاجی مەلا عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، (سەرجەم بەرهەمەکانی) کۆکردنەوە و پێشەکی، دکتۆر کەمال مەعرووف، بڵاوکردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.

٦. جوتیار، خالید (٢٠٠٦)، سەمای ئەجندان، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٧. جیهانی، شێرکۆ (١٣٩١)، فۆلکلۆر و ئەفسانەکانی کوردی، کۆکردنەوە و نووسینەوەی، نوشته شده درکشنبه، بیست و نهم، ساعت ١٦:٣١، توسط، Perizad.blogfa.com.
٨. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٠)، قەدەغە شکێنی، دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، ناوەندی غەزەلنووس، بڵاوکار ماڵی سوهرەوەردی، چاپخانەی تاران.
٩. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٠)، قەدەغە شکێنی، دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، ناوەندی غەزەلنووس، بڵاوکار ماڵی سوهرەوەردی، چاپخانەی تاران.
١٠. حەسەن، فەرهاد عەزیز (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا، نامەی ماستەر، هەولێر.
١١. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢١)، وانەکانی شیکردنەوەی بەیت، قۆناغی ماستەر ، کۆرسی یەکەم.
١٢. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (د.) (٢٠٢٠)، بەرەو ئەفسانەناسی کوردی، کتێبی سێیەم، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، ماڵی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایین و فەلسەفە، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم.
١٣. حەمید، زرار (گلگامش، کۆنترین داستانی ئەدەبی میزۆپۆتامیا)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، سایتی دیدی من، didimn.com.
١٤. خەزنەدار مارف (د.) (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.
١٥. داستانی ئەفسانەی گلگامێش، سایتی گوڵان میدیا، ٤ی مایسی ٢٠٢٠، gulanmedia.com.
١٦. دەشتی، عوسمان (د.) (٢٠٢١)، سالمی ساحێبقڕان، باس و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٧. رسول، عزالدين مصطفى (٢٠١١)، دراسة في ادب الفلكلور الكردي، الطبعة الثانية، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.

١٨. شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (د) (٢٠٠٣)، شەش پێی بەحری، حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر،چاپی یەکەم.
١٩. عارف، محمد نووری (د.) (٢٠٠٧)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٠. عارف، محەمەد نووری (١٩٧٤)، تەئسیری زمان و ئەدەبیاتی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات،زانستگای بەغدا. ژ ١٨.
٢١. عاڵڵایی، ئەحمەد جاسم (بەخت) (٢٠٠٨)، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ژمارە (٣٩).
٢٢. عەدۆ، ئەسعەد (١٩٨٧)، ئەفسانە و لێداونێکی پراکتیکی، گ. کاروان، ژ. (٥٨).
٢٣. معنى الاساطير اليونانية، ماهو، المفهوم والتعريف،٢٠٢٢
ar.inianelsonbooks.com
٢٤. مەخمووری، پیرداود (٢٠١٣)، گەڕان بەدوای ئەفسانەدا، لێکۆڵینەوە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی.
٢٥. مەولود، عەبدوڵڵا خدر (د.) (٢٠٢٢)، فۆلکلۆر لە شیعری کوردیدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٢٦. موکریانی، گیو (٢٠١٧)، فەرهەنگی کوردستان، پێداچوونەوە و زێدەکردنی، کوردستان موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.
٢٧. موکریانی، هێمن (٢٠١١) ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، چاپی سێیەم.
٢٨. مویرز، بیل (٢٠٠٨)، دەسەڵاتی ئەفسانە، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢٩. نانەوازادە، عەلی، فەرهەنگی رشتەی وشەی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، تهران.
٣٠. نبيلة ابراهيم (د)، الاسطورة، ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

٣١. نەجم ئەڵوەنی (د)، (٢٠١٦)، ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، چاپی دووەم.
٣٢. هەرشەمی، شاسوار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردی، چاپ، چاپخانەی تاران، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم.
٣٣. هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠١)، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم.
٣٤. هەورامی، حەمە کەریم (١٩٩٨)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢١)، (٥)ی ئاداری ١٩٩٨، ساڵی دووەم.
٣٥. معنى الاساطير اليونانية، ماهو، المفهوم والتعريف(٢٠٢٢).
ar.inianelsonbooks.com.

**ملخص**

**الأساطير في قصائد الحاج قادر كويي**

هذا البحث خطوة نحو معرفة دنيا الحاج قادر كويي ومدى تأثير الفولكلور في قصائده وخاصة ( الأساطير)، لقد حاول الشاعر دمج المواد الجاهزة من الفولكلور في قصائده ، حتى يتمكن عامة الناس من فهمها واقتصاره بكلمات مفيدة والتعبير بمعان كثيرة.

توظيف الفولكلور وخاصة الأساطير أمر مهم للتاريخ والحفاظ على هذه الثروة الفولكلورية من خلال الشعر . هذه الدراسة وغيرها من المناقشات المتعلقة بالأساطير تم عرضها وشرحها في أماكنها وقد تم مناقشة الأغراض التي من أجلها استخدم الحاج قادر اساطيره، وقد حاول الشاعر تقديم الأساطير الكوردية للأجيال القادمة والاستفادة من الأساطير العالمية وذلك من أجل إثراء أدبه.

الكلمات الدالة: الاسطورة، الحاج قادر كويى، خيروشر، العنقاء

## Abstract

### Legends in the Poems of Haji Qader Koyi

Research into "Legends in the Poems of Haji Qader Koyi" is a step for introducing the world of "Haji Qader" and the impact of folklore on his poems, especially "legends".

The poet tried to blend the available materials of folklore into his poems, so that both the audience can understand and to express the most meaning in a short expression.

The foundation of folklore especially legendary is important to history and to the preservation of this folklore wealth through poetry.

These and other discussions of legendary are shown and explained in detail. The purposes for that Haji Qader used his legends have also been mentioned. The poet tried to show Kurdish Legends to the future generation in order that Kurds would benefit from global legends and enrich their literature with them.


**Keywords**: legend, haji qader koyi, good and evil, anqa.